Scandinavia Committe of komala party - Iranian kurdistan
http://mskomala.blogfa.com

# بروسکەی پیرۆزبایی مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵە بە بۆنەی ساڵی تازەوە .

جەماوری بەڕێز و خۆشەویستی کوردی دانیشتووی وڵاتانی سوێد ، فینلاند ، نۆرویژ و دانمارک .
ژنان ، پیاوان ، دایکان ، باوکان ، لاوان ، منداڵان ، بریندارانی شۆڕشی کوردستان!
بە بۆنەی جەژنی نەورۆز ، ڕەمزی ژیانەوە و سەرهەڵدانەوە ، هیوابەخشی تیشکوگەرما و سەوزەڵانی ، گەرمترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەین . هیواداریین ساڵی تازە ، ساڵی یەکگرتووی ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پێناو خەبات بو وەدەستهێنانی مافەرەواکانیان بێت .
خۆشەویستان ! ئەوا جارێکی دیکە و لە بەربەیانی موژدەبەخشی ساڵێکی تازەدا ، ئێوەی بێزار لە بەندوبەستەڵەک و تامەزرۆی ڕووناکی و ئاوەدانی ، بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز ، چاوی شەقام و کوڵان و مەزرا و چیا ڕوودەکەنەوە . لەو کاتەدا کە مەشخەڵانی ئاگر بەرز دەکەنەوە و بە زمانی بیروهاودڵی و تەبایی لە گەڵ یەکتر دەدوێن و پیرۆزبایی لەیکتر دەکەین ، ئێمەیش بە ئەندامێکی کۆڕی گەوری خۆتان بزانن . لێروە سڵاوتان لێ دەکەین و لە دەوری ئاگری نەورۆزتان دەگەڕێین .
ئێمە ئەندامانی مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران برایان و خوشکان و ڕۆڵەکانی خۆتانین کە ساڵانێکە هەموو توانای خۆمان بۆ کۆکردنەوەی دەستە چیلەی ئاگری نەورۆزی بەختەوەری ئێوە تەرخان کردوە .
هیواتان هیوامانە و سەرفەرازیتان بە بەرزایی چیاکانی کوردستان ئارەزومانە.
لە یادی ئازیزی هەموو ئەو خۆشەویستانە کە ئێستا لە ناوماندا نەماون ، چەپکێک گوڵی سوری وەفاداریتان پێشکەش بێ ! نەورۆزتان پیرۆز و هەربژین بە ژیانێکی سەربەرزوئازاد .

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران    کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤی**

Tel+fax : 0046 31 330 80 48 e .mail : kmsk2004@hotmail.com
Adress : Box 101 post nr 424 23 Göteborg SWEDEN